السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن، ئاسمان دەنگی دێت ومافی خۆیەتی دەنگی لێوە بێت، شوێنی هەر چوار پەنجەیەک فریشتەیەک هەیە کە لەسەر نێوچەوانی سوجدەی بۆ خوای گەورە -سبحانە وتعالى- بردووە

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن، ئاسمان دەنگی دێت ومافی خۆیەتی دەنگی لێوە بێت، شوێنی هەر چوار پەنجەیەک فریشتەیەک هەیە کە لەسەر نێوچەوانی سوجدەی بۆ خوای گەورە -سبحانە وتعالى- بردووە، واللە، ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن، ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان، وچێژتان نەدەبینی لە ئافرەتان لەسەر جێگاکان، ودەردەچوون بەرەو دەشتەکان بۆ تکاکردن وپاڕانەوە لە خوای گەورە بە دەنگێکی بەرزەوە».

[حەسەن لغيره] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن ونایزانن، ئاسمان دەنگێکی لێوە دێت (دەنگێکی زیکن وجیکنی) لێوە دێت وەکو دەنگی کورتانی سەرپشتی ئاژەڵ کاتێک کەسێک سواری پشتی دەبێت، وئاسمان مافی ئەوەی هەیە کە ئەو دەنگەی هەبێت؛ چونکە شوێنی هەر چوار پەنجەیەک لە بۆشایی ئاسماندا فریشتەیەک هەیە کە لەسەر نێوچەوانی سوجدە بۆ خوای گەورە دەبات -سبحانە وتعالى-، واللە ئەگەر ئەوەی من دەیزانم سەبارەت بە شکۆداری ومەزنی خوای گەورە وتوندی تۆڵە وسزای و لەگەڵ هەندێکی شتی نەبینراو -غەیبیاتەکان-؛ ئەگەر ئێوە بتان زانیایە ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان لە ترسی خوای گەورە، وچێژتان نەدەبینی لە ئافرەتان لەسەر جێگاکان لە ترسی خوای گەورە، و بە هاوار ودەنگی بەرزەوە دەردەچوون بۆ دەشتەکان بۆ پاڕانەوە وتکاکردن لە خوای گەورە -سبحانە وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3265

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee